

# با هەموو پێکەوە بڵێن نا بۆ حزبی بەعس



کوشتنی سەرۆکی کۆماری عێراق
عەبدولکەریم قاسم وهاوڕێ کانی
بەدەستی بەعسی یە فاشیەکان و
نیشاندانی لە تەلەفیزیون

ڕۆژی 2010/1/22 وتارێکم بەناوی {بەعسیەکان دەبوایە وەکو نازی و فاشی قەدەغە بکرابان} بڵاوکردەوە . باسی ئەوەم کرد کە حزبی بەعس وەکو حزبی نازی و فاشی هەقە ڕێگای پێنەدرێت کاربکات و بێتەوە گۆڕەپانی عێراق ، کەچی دەستەی هەڵبژاردن لە بڕیارەکەی پاشگەز بۆوەو بڕیارەکەی خۆی کشاندەوە و مافی دا بە بەعسیەکان خۆیان هەڵبژێرن و کاندیت بکەن واتە بڕیاردرا ئەو بەعسیانە و هاودۆستی بەعسیەکان خۆیان هەڵبژێرن بۆ پەرلەمانی عێراق . ئەوانە هەندەکیان بە ئاشکرا پشتگیری و لایەنگیری خۆیان بۆ حزبی بەعسی وەل بوو نیشان دەدەن و جارجارەش زۆر بێشەرمانە ڕادەگەینن کە ئەو کۆکوژیەی تیرۆریستان [المقاومە] یە . ئەوانە خەون بە گەڕانەوەی ڕژێمی پێشوو دەبینن و ڕەخنە لە دەسەڵاتی جەلال تاڵەبانی - نوری مالکی دەگرن و داوا دەکەن دەسەڵات بگەڕێتەوە دەستی خۆیان . بە ئاشکراش پەیوەندی یان لەگەڵ گروپەکانی تیرۆریستی بەناو ئیسلامی هەیە . بەراستی بۆ گەلانی عێراق هاتنەوەی بەعسیەکان واتە بێڕێزی کردن بەرامبەر شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفاڵ و بارزانی یەکان و ئەهوار و دوجەیل و...هتد و شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عێراق . بەعسی یەکان لەکاتی دەسەڵاتدا شانازیان بە کردەوە و ڕەوشتی فاشیانەیان دەکرد و بە تەنیا دەستیان بەسەر عێراقدا گرت بوو ڕێگایان نەدەدا هیچ حزبێک بە ئاشکرا کاربکات و مافی دیموکراسیان قەدەغەکردبوو. ئەمڕۆ یادێکی خوێناوی یە لە مێژووی عێراقدا . ڕۆژی هەشتی شوباتی 1963 بەعسیەکان کۆدێتای خوێناوی یان لە دژی ڕژێمی

عەبدولکەریم قاسم کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست . ئەو ڕۆژە لە مێژووی عێراق بە رۆژی ڕەش دادەنرێت و بە ڕۆژی شەهیدانی شیوعی شەهید [سەلام عادل] و شەهید [جەمال حەیدەری] و هاوڕێ کانی لە قەڵەم دەدرێت . هەر لەو ڕۆژەوە هەتا روخاندنی ڕژێم عێراق ئارامی بەخوە نەدیووە و کوردستانیش بووە دۆزەخ بۆ خەڵکەکەی . ئەو بەعسیانە دەیانەوێت لە ڕێگای جۆراوجۆر بێنەوە سەر کار ، هەندێکیان دەستیان بەخوێنی خەڵکی سڤیل سوورە . ئەوانە دەبێت لە دادگایەکی بێلایەن دادگایی بکرێن و هەقی خۆیان وەربگرن نەک ببنەوە نوێنەری خەڵکی بەعسی . بەعسی یەکان هەر هەموویان یەکن لەدژی مافی کورد و دیموکراسین . لە خوارووی عێراق و بەغدا خۆپشاندان دەکرێت بۆ ئەوەی ئەوانە مافی هەڵبژاردنیان نەبێت . لە کوردستان بە گشتی و لە گەرمیان و هەڵەبجە بە تایبەتی پێویستە خەڵکی بێتە سەرشەقام و دژی هاتنەوەی بەعسیەکان خۆپیشاندن بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی عێراق هەموو پێکەوە بڵێن نا بۆ هاتنەوەی حزبی بەعس .

**فەهد گردەوانی 2010/2/8 ستۆکهۆڵم**